# فەلسەفە لە زەمەنی تیرۆردا

## گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسووف جۆڤانا بۆرادوری*

و: عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

لە دوای یانزەی سێپتەمبەر (جۆڤانا بۆرادوری) فەیلەسووف رستێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەیلەسوفان (دریدا) و (هابرماس) بە ئەنجام گەیاند, کۆمەڵێك پرسیاری لە بارەی بابەتگەلی جۆراجۆر هەر لە یونیڤرساڵەوە تا دەگاتە تیرۆر,لە بە جیهانیبوونەوە بۆ سیاسەت, ئاراستە کردن, پاشان لە ژێر ناونیشانی (فەلسەفە لە زەمەنی تیرۆردا) هەر لە هەمانساڵ وەك کتێب بە چاپی گەیاند, کتێبی ناوبراو بە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و ئیسپانی و هەروەها بە هەشت زمانی دیکە ئەمڕۆ لە بازاڕەکاندا دەست دەکەوێت.

بۆرادوری ئاماژە بەوە دەکات کە مانیڤێستی هاوبەشی دریدا و هابرماس بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە دووتوێی پەیمانێکی تەکتیك ئامێزەوە, وەك چۆن (وولن) تێگەیشتووە, بەڵکو درێژکراوەیەکی ئاساییانەی پڕۆژە فەلسەفیەکەیانە.

* (ریتشاد وولن) دەڵێ بانگەشەی فەیلەسووفان دریدا و هابرماس خۆی لە دامەزراندنی سیاسەتی یەکگرتووی ئەوروپادا هەڵدەگرێتەوە, تەعبیر لە پەیمانێکی تەکتیك ئامێز دەکات, بەرلەوەی پەیمانێکی فەلسەفی بێ, ئایا جیاوازی تۆ لەگەڵ (وولن) لە چی دایە؟

بۆرادوری: بەڵێ من رام زۆر جیاوازە پێش هەموو شتێك من هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی و هەنگاوێکی تەکتیکی لەمجۆرەی تیا بەدی ناکەم, چونکە رۆڵی ئەوان وەك دوو بیریار لەوەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە کە برەو بەرەخنە دەدەن, هەروەها هەموو پەیمانێکی تەکتیکی کە هۆیەکی لە

پشتەوە بێ پێویستی بە ئامانجی بابەتیانەی پتەو هەیە. لە بارەی لێکنزیکبوونەوەی قسە وباسی نێوان دریدا و هابرماس من بەڵگەیەکی دیکەم هەیە لەگەڵ خوێندنەوەکەی (وولن) جیاواز دەکەوێتەوە, چونکە ئەو مانیفێستە هاوبەشەی کە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان بڵاوکرایەوە لە هەمان کاتدا دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو کۆمەڵە وتارە بوو کە لە بارەی مەسەلەی تیرۆری جیهانی و رۆڵی ئەوروپا لە دوای یانزەی سێپتەمبەر لە رۆژنامەکانی ئەوروپا بڵاوکرانەوە.

(فەلسەفە لە زەمەنی تیرۆر) هەموو ئەو گفتوگۆیانە لە خۆ دەگرێت کە لەگەڵ هەر دوو فەیلەسوفدا کراوە, بابەتەکانیش بریتین لە تیرۆر وەك مەسەلەیەکی سیاسی بە جیهانیبوون, رۆڵی دامەزراوە فرە لایەنەکانی ئێستا, گواستنەوە لە مافی کلاسیکیانە کە لە نێوان دوو دەوڵەت و زێتر چەسپابوو, بۆ سیستەمی نوێی جیهانی, هەروەها ئەو گفتوگۆیانە هەموو ئەو گریمانانە لە خۆ دەگرێ کە لە دوو توێی مانیفێستەکەیاندا هاتووە, وەك چۆن لە میانی ریشەی تیۆری هاوبەشەوە تەئکید لە رووداوەکان دەکات, هەروەها دەشێ وەك کەلەپورێکی سیاسی و ئەخلاقی بزاڤی رێنیسانسی فەرەنسی (سەدەی هەژدەم) سەیری بکەین. دواجار گفتوگۆکان بە توانای راڤەکردنی ئەوان بۆ کەلەپور و فەلسەفەوە بەندە, من لەو بڕوایەدام کە ئەوان توانایان بەسەرداشکاوە, کەچی (وولن) لەو بڕوایەدا نییە, بەڵام جیاوازی لە راڤەکردن مەرج نییە هەمان مەبەست بگەیەنێت و سەر بە هەمان رەگ و ریشە بکەوێتەوەو ئەوان وتوێژیان لە بارەی هەمان شتەوە کردووە, هەمان بیرۆکە, هەروەها هەمان ئامانجیش.

★ ئایا ئـەو هاوبەندییـەی کـە هـەر دوو فەیلەسووف (دریـدا و هابرمـاس) پێـوەی بەنـدن بزاڤـی ڕێنیسانسـی فەلسـەفییە و تـەعبیر لـە وێنەیـەکی جیاوازی فیکری ئەوروپی دەکا؟

بـۆرادوری: بـەڵێ مـن وایـدەبینم، هـەموو وتوێـژو گفتوگۆکـانیش لـەو بیروڕایـەدا خۆیـان هەڵدەگرنـەوە، تەئکیـد لـەوە دەکـەن کـە هـەر دوو فەیلەسوف لەگەڵ بیریـارانی بزاڤـی ڕێنیسـانس هاوپەیوەسـتن، بـە تایبـەتی لەگەڵ (کانت) کە دواجار بۆ لێپرسراوێتی سیاسی سنورێکی دیاریکراوییـان داڕشتووە کە بێگومان ئەسڵێکی ئەوروپیانـەی هەیـە. هـەروەها فەلسـەفە و سیاسـەت لـەمیانی ئـەنجلۆ ئـەمریکی تەقلیدیـدا لـە یـەکتر جیـاوازن، راڤـە کردنی پابەستبوونیش پەیوەندی بە هەڵبژاردنی تاکە کەسەوە هەیە بـەڵام ڕەخنە و کۆششی فەلسەفە خۆی لە حەقیقەتی ئەمڕۆدا هەڵدەگرێتەوە.

لێرەدا خەیاڵمان بەرەو (چۆمسکی) دەچێ کە کارە زمانەوانییـەکانی تـەواو لەگەڵ چالاکیە سیاسیەکاندا جیاواز دەکەوێتەوەو هـەروەها بـە پێچـەوانەی ئەوەشـەوە لـە لایـەنی مێژووییـەوە خـودی فەلسـەفە بـە تەقلیـدی ئەوروپییـەوە بەنـدەو وەڵامدانـەوەی پـەیمان و بەریـەك کەوتنـەکانی سـەردەمێکی دیـاری کـراو لـە خـۆ دەگـرێ، وەڵامدانـەوەکانی (کانـت) بـۆ پەیمانی شۆڕشی فەرەنسی، هیگل بـۆ تـیرۆر، سارتەر لـە وێـوە وای کـرد کـە فەلسەفە قسە لە تراژیدیای جەنگی دووەمی جیهانی بکات.

سەرەڕای ئەوەی (هابرماس و دریدا) دوای ئەو فەلسـەفەیە کـەوتوون بـەڵام لە ئێستاش دانە بڕاون بەو مانایەش (200) دوو سەد ساڵیان بڕیـووە کـە ڕۆشـنبیرانی بزاڤـی ڕێنیسـانس ڕێگایـان بـۆ خـۆش کردبـوون بۆیـە مانیڤێستەکەیان پەیمانێکی تەکتیك ئامێزنیە، بەڵکو بـە نیسبەت مەسـەلە سیاسییە یەخەگیرەکان ڕاگەیاندنی بیرکردنەوەیەکی هاوبەشە.

★ چۆن وەڵامی (وولن) دەدەیتەوە, کاتێك دریدا ئاماژە بەوە دەکات کە (یاسا) و (دادوەری) دووشتی هاودژن, یەکێکیان نکۆڵی لەویدیکەیان دەکات؟
بۆرادوری:. من تەواو لەگەڵ ئەو وەسفکردنەی (وولن) جیاوازم, چونکە دریدا لەنامە زانستیەکەی بە نسبەت (یاسا) و (دادوەری) روونی دەکاتەوە کە یاسا و دادوەری دوو شتی لەیەك ناکۆك و هاودژ نین, یان پێچەوانەی یەکتر نین بەڵکو رای دریدا ئەوەیە کە دادوەری و یاسا دوو چەمکی جیاوازن و کاتێك دەمانەوێ دادوەری ملکەچی یاسا بکەین, لەوکاتەدا دووچاری هەڵە دەبین, چونکە ناشێ دادوەری ملکەچی یاسا ببێ, ئەوەش بەو مانایەیە کە هەموو یاسایەك مەرج نییە لە دوو تویی خۆیدا دادپەروەری هەڵگرتبێ. هەندێجار لەبەر تەنینەوەی کاریگەری یاسا (دادوەر) لە مەسەلەی توانج گرتن, یان مۆڵەتدانی کاتی دووچاری شپرزەیی دەبێ, چونکە (خودی پرنسیپەکانی یاسا دەیەوێ کۆمەکی دادوەر بکات).
بە بڕوای دریدا توانج گرتن بە شێوەیەکی رەوا پێویستی بە رەتکردنەوە هەیە لەو سیاقەدا دریدا بە پێچەوانەی یاسا دەکەوێتەوە, دادپەروەری هەمیشە بە تەواوی جێ بە جێ ناکرێ, بەڵکو بە هیوای چارەسەرکردنی کار دەکەین, ئەوەش بەو مانایە نییە کە یاسا و دادپەروەری پێچەوانەی یەك و لەیەکتر جیا بکەونەوە.
★ بۆچی هەر دوو فەیلەسووف لە دژی تیرۆر جەنگیان ناوەتەوە, ئایا دەکرێ لە بارەی دەوڵەت و دەسەڵاتدا نکۆڵی لە بیروڕا تەقلیدییەکان بکرێ؟
بۆرادوری:. هابرماس دەیەوێ تەئکید لەوە بکاتەوە کە کاتێك قسە لە تیرۆر دەکرێ و بەو مانایە نییە کە لەگەڵ تاوانە سیستماتیزە کراوەکان لەوانەش قاچاغچێتی مادە بێهوشکەرەکان جیا بکەوێتەوە. ئەو راپۆرتەی کە لە ئابی

(2003) له بارەی بازارە گڵۆباڵەکان بڵاوکرایەوە روونی دەکاتەوە کە سێنتەری سیخوری ئابوری کە بارەگاکەی لە (لەندەن)ە لە بارەی هێرشە تیرۆرییەکانەوە (کۆلۆمبیا) بە پلە یەك لە قەڵەم دەدا, تیرۆر لە کۆلۆمبیا بە هۆی قاچاغچێتی مادە بێهۆشکەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئایا دەشێ ئەوە بە شێوە بەرفرەوانەکەی هەلگیرسانی جەنگێك بێ بەدژی رێکخراوی تاوانباران؟

ئەگەر بمانەوێت تیرۆر لەتاوان جیا بکەینەوە, ئەوە دەبێ تەنها پشت بە بنەڕەتی سیاسیانە ببەستین, بەڵام ئاخۆ ئەو پاڵنەرە سیاسیانەی کە لە پشت هێرشەکەی یانزەی سێپتەمبەرە کامەیە؟

ناوەڕۆکی سیاسیانەی تیرۆر بە نیسبەت (هابرماس) لە دەست پاکبوون بۆ ئامانجە کانیدا بەرجەستە دەبێ, ئەگەر چی ئامانجگەلێکی ناواقیعین, چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی تیرۆر وێرانکردنی شارستانیەتی ئەوروپایە, ئەوروپا بە ئیمپراتۆرییەتی شەڕ دەچوێنن, بەو مانایەش ناشێ تیرۆر لە تاوانی ئاسایی جیا بکرێتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ فیکرەکانی هابرماس, دریدا بڕوای وایە کە تیرۆر نیشانەی ئاژاوەیەکە,ئاژاوەیەك کە خاوەن شوراو قەڵای خۆیەتی, کاریگەری بەسەر دنیای راگەیاندراوی ئێمەوەیە, ئەو میکانیزمەش لەو پەری ئازادی و لە دەرەوەی سنورەکانی خۆیدا, بە زیاد لە ئاستێك کار دەکات.

وەك مێژوو, ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستاندا بە پڕ چەککردن و راهێنانی بەرگری ئیسلامی بە دژی سۆڤییەت هەڵساوە, لە نێو ئەوانەشدا (ئوسامە بن لادن) کە رەمزێك بوو بۆ سوپاو, دڵێکی ستراتیژی (قاعیدە) بوو. هەروەها لە رووی دەروونیەوە تیرۆر لەسەر رووداو و شۆك و دینامیکیەتی شۆك کار دەکات, ئەوەش بەرەو داهاتوو دەکاتەوە, دریدا

دەڵێ تیرۆر لە داهاتوو دەچێنرێ نەك لە رابردوو, ئەوەش بەردەوام دەمانخاتە چاوەڕوانییەوە. واتە لە زۆر شوێندا هەتا ئێستا روو دەدات, هەروەها تیرۆر خۆی لەسەر شێوەی (هەواڵە بەپەلەکان) دەوڵەمەند دەکات, هەر لە یانزەی سێپتەمبەرەوە تۆڕی میدیاکانی خۆرئاوایی داگیر کردووە.

★ ئایا دریدا و هابرماس لە نووسین و مانیڤێستە گشتییەکان لە یەك دەچن؟

بۆرادوری:. بە بڕوای من لە یەکچوونیان تازەیە و بە داوا یەخەگیرەکانەوە بەندە کە یانزەی سێپتەمبەر هێنایە ئاراوە و هەر دوو رۆشنبیری وەك دوو نیشتمان پەروەر بەرجەستەکرد, هەر دووکیان بڕوایان وایە کە بە گژدا چوونەوەی تیرۆری جیهانی شێوازێکی دیاری کراوە لە گوازتنەوە لە مافی کلاسیکیانە کە هەتا ئێستا بە پێی نموونەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەدەی نۆزدە بەرێوەدەچێ بۆ سیستەمی نوێی جیهانی کە تیایدا دامەزراوە فرە لایەنەکان و هاوپەیمانێتی کیشوەرە بەرفراوانەکان و فاکتەری سیاسی و سەرەکی تیایدا بەرجەستەیە.

لێرەدا هەندێ لەو دامەزراوانە ئێستا لە ئارادان, هەروەك دەبێ بە پێکهێنانی هەندێ دامەزراوی دیکەش هەڵسین, هەروەها فەلسەفە رۆڵێکی دیاریکراو لە وێناکردنی ئەوەی کە دەشێ ئەو دامەزراوانە پێی هەڵسن, دەبینێ.

هەردوو فەیلەسووف پێیانوایە کە تیرۆر چەمکێکی شێوە ترسناك و جێگای سەر سوڕمانە, بەڵام ئەمریکا ئەو زاراوەیە بە جۆرێك بەکار دەهێنێ وەك ئەوەی ماناکانی زۆر روون و دیار بێ, ئەوەش رێگای ئەوە دەکاتەوە کە تارادەیەکی دوور وەك شێوازێکی پراگماتیکی حکومەتەکەمان مامەڵە لەگەڵ ئەو زاراوەیە بکات, بەلام مەسەلەکە هەر تەنها بە شێوەیەکی

پراگماتیکی ئاڵۆز ناکەوێتەوە, بەڵکو لە لایەن تیرۆریش هەر نادیارە, ئایا هیچ شەڕێك بە بێ تیرۆر وجودی هەیە, مەبەستم کوشتنی خەڵکی ئاساییە لە پێناو چاوترساندن, یان لە پێناو دەسبەسەر داگرتنی حوکمێکی دیاریکراو, پاشان جیاوازی لە نێوان تیرۆر لەسەر ئاستی نیشتمانی و تیرۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (پۆلیس, سەرباز, پێکانی ئامانجی مەدەنی و عەسکەری) لە چی دایە؟ ناشێ وابە ئاسانی تیرۆر بخرێتە بەرچاو, بەلام رەنگە خێر لە لایەکدا بێ و شەڕیش لە لاکەی دیکەدا, لەگەڵمانیت یان دژمانیت (بەلام ئێستا ئەو- مان- ە) کامەیانە؟ واپێدەچێ بە نیسبەت من و هابرماس و دریدا ئەوروپا بێ, ئەوروپا لە دوای رووداوەکەی یانزەی سێپتەمبەر وەك دیموکراسی مەدەنی حەقیقی بەدەرکەوت, ئەوەش نموونەیەکە لە هۆکارە سیاسیە نوێیەکان کە بە هەموو رەگ و ریشە هەرێمی و ئەتنییەکانیەوە ناچێتە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی کۆن هەروەك ناچێتە سەر فیدرالیەتێکی زۆر ساکارانە.

ئەوروپا لە جەوهەردا شەیتانە, یەکێتییەکی فرەلایەن و فرەجۆرە, لە دووتوێی یادەوەرییەکانیدا کۆمەڵێك ژانوژواری زەمەنی جەنگی هەلگرتووە, هەتا ئێستاش ئەو تراژیدیایە لە یادوەری ئەوروپیەکاندا (بەپیر و گەنجەوە) دەژیت, بەربەرەکانی کردن بۆ بەشدار نەبوون لە شەڕی دژ بە عێراق بۆ خۆی ئەوە دەسەلمێنێ ئەزموونێکی کۆمەلایەتی و سیاسی خۆی لە شارەزایی و عەقڵی ئەوروپادا حەشارداوە.

★★★

★ بۆرادوری ئوستادی فەلسەفەیە لە کۆلێژی (فاسار) هەروەها دانەری کتێبی (فەیلەسووفی ئەمەریکی)یە.

**سەرچاوە: بڕوانە رۆژنامەی ئەلئەدیب ژمارە (42) ل 15, 6 ی تشرینی یەکەمی 2004 (نادرفوسۆگیان) ئەو چاوپێکەوتنەی بە ئەنجام داوە و (نهاد عەبدولستار رەشید) کردوویە بە عەرەبی.**